# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگە TARAWGA

**25 Mei . 2019 No. [50]**
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

ئەنجامە بەراییەکانی هۆڵەندا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپا پارتی کار- سۆسیال دیموکرات (PvdA)، بووە براوەی یەکەم، بە بەدەستهێنانی 5 کورسی و بەدوایدا VVD و CDA دێن.. ل 1

بۆچی بێوار...؟ بەشی حەوتەم و هەشتەم، نوسینی هیوا سەرهەنگ ل 2 و ل 3
دەتوانین چی بکەین بۆ کەرکوک..؟، بەشی یەکەم- نوسینی دکتۆر جەبار قادر ل 4

کتێبی "پۆرترێتگەلێک لە مێژوو و سیاسەتی کوردەوە" بە زمانی تورکی یەکێک لە کتێبە نوێیەکانی دەزگای بەناوبانگی "ئیلەتیشیم"ی ئیستانبوڵ لێدوانی: بەکر شوانی ل 5

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە ل 6. لە کوردستان کات لە زێڕ نییە!، ئەنتۆلۆگیای چیرۆکی کوردی بە زمانی فرانسی دوو نوسینی مامۆستا حەمەفەریق حەسەن ل7

هونەرمەندی شێوەکاری کورد:
قەرەنی جەمیل ل 8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

25 Mei 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 50
25 مایسی 2019

# ئەنجامە بەراییەکانی هۆڵەندا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا پارتی کار- سۆسیال دیموکرات(PvdA)، بووە براوەی یەکەم، بە بەدەستهێنانی 5 کورسی و بەدوایدا VVD و CDA دێن..

## ڕێژەی بەشداریکردنی هۆڵەندییەکان، ڕۆژی 23 مایسی 2019 ، بۆ پەرلەمانی ئەوروپا بە گوێرەی ساڵی 1989 ڕوو لە هەڵکشان بوو.



ڕۆژی پێنجشەممەی پێشوو لەسەدا 41.2 دەنگدەرانی هۆڵەندی چوونەتە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بۆ دیاریکردنی 26 ئەندامی خۆیان بۆ پەرلەمانی ئەوروپی. بە گوێرەی ناوەندەکانی توێژینەوە و ڕاپرسی (ئیپسوس– Ipsos)، کە ناوەندی هەواڵی NOS ڕایسپاردووە، دەڵێت ئەم بەشداریکردنەی هۆڵەندییەکان بەرزترین ڕێژەی بەشداریکردن بووە لە دوای ساڵی 1989ەوە. لە ساڵی 1989 دا بەرزترین ڕێژە 47.48 لەسەدی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، بەشدارییان کردووە، لە پێنج هەڵبژاردنی دوای ئەوەوە، ڕێژەی بەشداریکردن لە هۆڵەندا لە 37.32 لە سەدی تێنەپەڕیووە. لە ساڵی 1979یشدا ڕێژەی بەشداریکردنی هۆڵەندییەکان بەرزترین بووە، لە سەدا 58 دانیشتووان بەشدارییان کرد و چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان. نزمترین ڕێژەی بەشداریکردنیش ساڵی 1999 بوو، ئەویش لە 10 هۆڵەندی 3 کەسیان لەو ساڵەدا دەنگیان دابوو. ڕێژەی بەشداریکردنی هۆڵەندییەکان بۆ پەرلەمانی ئەوروپی هەمیشە نیوە یان کەمتر بووە، بە گوێرەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنە ناوخۆییەکان و ئەنجومەنی نوینەران، کە دوا هەڵبژاردنی هۆڵەندا، ڕێژەی بەشداریکردن لە سەدا 80٪ بووە. پێشوازی کردنی هۆڵەندییەکان بۆ پەرلەمانی هۆڵەندی لە ساڵانی ڕابردوودا بەم شێوەیە بووە. ساڵی 1979: ڕێژەی 58.12 لە سەدا، ساڵی 1984: ڕێژەی 50.88 لە سەدا، ساڵی 1989: ڕێژەی 47.48 لە سەدا،ساڵی 1994: ڕێژەی 35.69 لە سەدا، ساڵی 1999: ڕێژەی 30.02 لە سەدا، ساڵی 2004: ڕێژەی 39.26 لە سەدا، ساڵی 2009: ڕێژەی 36.75 لە سەدا، 2014: ڕێژەی 37.32 لە سەدا، 2019: ڕێژەی 41.20 لە سەدا. PvdA براوەی یەکەمە و بەدوایدا VVD و CDA دێن. PvdA پارتی کار (سۆشیال دیموکرات) لەم هەڵبژاردنەدا براوەی یەکەم بوو.

لە سێ کورسییەوە گەیشتە پێنج کورسی. پارتی VVD یەک کورسی بردەوە، لە ڕیزبەندی چوارەمدایە، وەک پارتی CDA کە ئەویش لە هەمان ڕیزبەند دایە. هەروەها پارتە تازە دامەزراوە ڕاستڕەوەکەی هۆڵەندا، فۆڕمی نوێ بۆ دیموکراسی(FVD) لە سەدا 11 ی دەنگەکان و سێ کورسی بەدەست هێناوە، بەڵام پارتەکانی دیکە PVV و D66 و SP لەم هەلبژاردنەدا شکستی گەورەیان بەدەست هێنا و هیچ کورسییەکیان بەدەست نەهێنا.



Frans Timmermans hoopt commissievoorzitter Juncker op te volgen

چاوەڕوان دەکرێت ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو، پاش دەنگدانی هەموو دەوڵەتانی دیکەی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، ئەنجامی کۆتایی ڕابگەیەنرێت. شایانی باسە پارتی کاری هۆڵەندی PvdA (سۆسیال دیموکرات)، بە سەرۆکایەتی فڕانس تیمەرمانس، براوەی یەکەمە و ژمارەی کورسییەکانی بە دوو هێندەی هەڵبژاردنی پێنج ساڵی ڕابردوو مەزندە دەکرێت و سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئەم پارتە چاوەڕوان دەکرێت و پۆستی سەرۆکایەتی یەکێتیی ئەوروپا بەدەست بهێنت. بەشێوەیەکی گشتی هێزە پڕۆ ئەوروپاییەکان براوەی ئەم هەڵبژاردنە بوون و هێزە دژ و پۆپۆلیستەکان سەرکەوتوو نەبوون، بگرە بەشێکیان ئەگەری بەدەستهێنانی کورسیشیان نییە.. دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ لە هۆڵەندا بەرەی چەپ پڕۆ ئەوروپای یەکگرتوو و سەرکەوتوون..! بە پێی ئەنجامە بەراییەکان لە کۆی 26 کورسی 18 کورسیان بردۆتەوە و چاوەڕوان دەکرێت زیاتریش بەدەست بهێبنن. لەناو چەپەکانی هۆڵەندەدا، پارتی کار– سۆسیال دیموکرات (PvdA) بووە پارتی یەکەم، بە بردنەوەی 5 کورسی. ئەمەش سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ ئەم پارتە، لەدوای شکستە گەورەکەیان، لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی هۆڵەندە دا، کە لە 38 کورسییەوە دابەزین بۆ 9 کورسی. سەرکەوتنی ئەمجارەیان بۆ ڕۆڵی گرنگی سەرۆکی لیستەکەیان فرانس تیمەر مانس (Frans Timmermans) دەگەڕێتەوە.

# لە ماوەی ساڵانی تەمەنی بێواردا 14 گۆشەی هەمەڕەنگ تایبەت بە ڕوناکبیری و ڕووداوە دزێوەکان و بابەتی ئەدەبی و منداڵان، لاپەڕەکانی (بێوار)یان ڕازاندبۆوە...

## بۆچی بێیوار ..؟! بەشی حەوتەم ...

## نوسینی: هیوا سەرهەنگ





د. عارف عومەر گوڵ — شەمام شەوقی — حەمید بلّباس





خالید مەجید فەرەج — ئیبراهیم جەلال — د. موەفەق دەرگەڵەیی





دانا هەڵەبجەیی — سیروان مەحموود — ڤیان بێتووشی

لە ماوەی ساڵانی تەمەنی بێواردا 14 گۆشەی هەمەڕەنگ تایبەت بە رووناکبیری و رووداوە دزێوەکان و بابەتی ئەدەبی و منداڵان، لاپەڕەکانی (بێوار) یان ڕازاندبۆوە وەک:

1– مانگەکان لە مێژوودا: بڵاوکردنەوەی ئەو رووداوە گرنگانەی لە مێژووی کورد دا ڕوویان داوە، کە لەلایەن هاوڕێمان (هیوا گەردی)ەوە ساز و ئامادە دەکرا.

2– سکاڵای بێوار: بڵاوکردنەوەی کەموکوڕیەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیی و درکاندنی دەردەدڵەکان سازو ئامادەکردنی (ڕزگار).

3– شێر و خەت: تایبەت بوو بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی مانا و بەکارهێنانەکانی چەندین وشەی کوردیی، ئەم گۆشەیەش لەلایەن نووسەر و شاعیر (جەوهەر کرمانج)ەوە ساز و ئامادەدەکرا.

4– جیهانی منداڵان: گۆشەیەکی یەک لاپەڕەیی بوو، تایبەت بوو بە جیهانی منداڵان و بابەتەکانی شیعر و چیرۆکی منداڵان، بە زیندوویی ڕاگرتنی یارییە فۆلکلۆریەکانی منداڵانی کورد، کە لەلایەن (شەهێن)ەوە ئامادەدەکران، پاشان بێوار، وەک پردی یەکترناسین لە نێوان منداڵانی کورددا لە هەندەران و وڵاتە جیاجیاکان گۆشەی (یەکتر ناسینی منداڵان) ی کردبۆوە و ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان وێنە و ئەدرێسی خۆیان تێدا بڵاودەکردەوە.

5– وێستگە: تایبەت بوو بە بڵاوکردنەوەی هەموو بیر و بۆچوونێکی ئازاد بە بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی.

6– فاشیلە فەنی: گۆشەیەکی تەنز ئامێز بوو، پاشان بووە بە (لەهەر چەمەنێ سەمەنێ)، لەلایەن نووسەر( سەردار دەربەندیخانی)یەوە ساز و ئامادە دەکرا.

7– وەڵامەکانی لالۆ: دیسان گۆشەیەکی تەنز ئامێز، کە باس لە کەموکوڕییەکان و بێزارییەکان دەکات، هەروەک نموونەی ئەم پرسیار و وەڵامانە:

پ/ چ وڵاتێک دیموکراتی زۆرە لە ئەوروپا ؟

لالۆ/ ئەو وڵاتەی ئاپۆی وەرگرت!

پ/ دەڵێن لە کوردستان هیچ کەم و کوڕی و ناڕێکییەک نیە، تۆ دەڵێی چی.؟

لالۆ/ لە سیخورمە بپرسە.

پ/ هەرچەند دەکەم دڵم بە هەندەران ناکرێتەوە، چی بکەم باشە؟

لالۆ/ کلیلەکەی بدۆزەرەوە باشترە.

8– بە دەستمان گەیشت: نمایشی ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی بە دیاری دەگەیشتنە کتێبخانەی بێوار.

9– ناودارانی کورد: بڵاوکردنەوەی کورتەیەک لە ژیاننامەی کەسایەتی و ناودارانی کورد.

10– دواپەیڤ: بەهەمان شێوە بیروڕای جۆراوجۆر و هەڵسەنگاندنەکانی بڵاودەکردەوە.

11– لێرەو لەوێ: کۆمەڵی شتی ڕەنگاڵە لەلایەن نووسەر( ئازاد سماقولی )یە وە ساز و ئامادە دەکرا.

12– گەڕۆک و خەمۆک:

14– بورجەکان :

15– پشووی بێوار: گۆشەیەکی پەخشان ئامێز بوو، نووسەر و شاعیر خاتوو (نەسرین عەباس) دەینووسی.

16– ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە لەو دەمەیدا دوو وێستگەی ڕادیۆی کوردی هەبوو یەکیان لە ڤیەننا و دوەمیان لە ڕۆتردامی هۆڵەندا، کە هەفتانە باسی بێواریان دەکرد و چەند بابەتێکی هەڵبژاردەیان لە ڕادیۆکانیانەوە تێدا پەخش دەکرد. وێڕای خەرجی و تێچوونەکانی (بێوار) خێزانی بێوار، وەک دەزگایەکی پاڵپشت و هاریکاری بۆ نووسەر و شاعیران، چەندین کتێب و نامیلکەی لەسەر خەرجی خۆی بە چاپ گەیاندووە وەک:

1– گوڵ و ئاوارەیی ، بافڵ سەرهەنگ شیعر، ساڵی 1998.

2– سێ ووتار، محەمەد جەزا بەرزنجی ، باس لە چۆنیەتی تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ئەوروپی پەروەردەکردن منداڵ دەکات، ساڵی 1999.

3– چرپە ، محەمەد جەزا بەرزنجی، شیعر ساڵی 1999.

4– خەرمانی خەم، خاڵە بەکر،شیعر ساڵی 1999.

5– گەشتی ڕۆژنامەوانێکی کورد بە ئەمەریکای لاتیندا، سالار حەمە سور باسیرە، ساڵی 2000.

6– چاپکردنەوەی گۆڤاری خەرمانەی وشە.

7– گەردەلوولی سەما لە ئاسماندا، محەمەد جەزا بەرزنجی، شیعر سالی...

8– خەڵوەتگەی دیدەنی، شیعر ساڵی 2001.

9– (بێوار)ێک لە ئاوارەییدا، ئیسماعیل تەنیا، ساڵی 2012.

10– پێنووسی من، هیوا سەرهەنگ 2013.


چاوەڕوانی بەشی هەشتەم بن...

بروانە ل 3


# ئەگەر پیاویت و ئەیزانی کەوا ئۆباڵی کردارت
# لە ئەستۆی وردی خۆتایە، ئیتر بێ سوودە هاوارت

## بۆچی بێوار ..؟! بەشی هەشتەم
## نوسینی: هیوا سەرهەنگ


د. نوری تاڵەبانی


جەلال بەرزنجی


مستەفا شەلماشی


عومەر رەسول


نیشتمان کەرکوکی


کەمال سەرگەڵوویی


عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ


جوان عومەر


سیروان مارف

بۆ زۆرتر گەشتکردن بە نێو لاپەڕە و یادەوەرییەکانی بێواردا بە چاکمانزانی لە گوڵزاری بابەتەکاندا چەند گوڵ بژێرێک بکەین:

بواری شیعر..

لە هەڤپەیڤینێکی بێوار لەگەڵ هونەرمەند و شاعیر و نووسەر عومەری کەریم ئاغا ئاوا چەند کۆپلە شیعرێکی تەنزئامێزی بۆ خوێندینەوە:

ژیان لای من وێنەی ئاشە
هەندێ تیایدا وەک بەرداشە
هەندێ چاوەڕێی باراشە
نازانێ کێ خاوەن ئاشە
هەندێک چاوی لە بەلاشە
بۆ دەستدارەکان مەقاشە
هەندێ بۆ یارییە .. داشە
باری پێبکێشن باشە.

لە گۆشەی (ئەمن دەیڵێم و بێ باکم).

ئەو دەمەی هەمووان خوازیاری یەکریزی میللەت بوون، پەرۆش دڵسۆز لە ئەمریکاوە ئەم تەنزەی بۆناردبوین:

ئەی کوردینە ئەی مەردینە
ئەی کەسک و سۆر، ئەی زەردینە
بۆ پێک نایەن، وەک بەردینە.

لە ژمارەی 48 ی بێواری ساڵی 2000 دا دیسان لە هەمان گۆشەدا:

سوێند بەسەری من و تۆیە
خەڵکی ماندوو زۆر تڕۆیە
خوایە میللەت بپارێزی
لەم هەموو وەعدە درۆیە.

سیروان مەجید فەرەج

لە کۆپلەیەکی شەش خشتەکیدا لەسەر شیعری ئەحمد هەردی شاعیری پایەبەرز، کە بۆ بێواری ناردبوو دەڵێت:

مردن لە بەرژەوەندیتە، داوای بکە لە حەقدارت
خۆ ئەگەر مەرگی پێ بەخشیت، نەکەی ئۆف بێتە سەرزارت
لە توێنێتی سەرەمەرگا، دەم بنێ جەرگی زامارت
نەکەی داوای ئاوی لێبکەی، بەسەر چوو هاوڕێکەی پارت
(ئەگەر پیاویت و ئەیزانی کەوا ئۆباڵی کردارت
لە ئەستۆی وردی خۆتایە ئیتر بێ سوودە هاوارت)

بزمارێک ..

خالید مەجید فەرەج دەڵێت هەموو شاعیرین، لە شاعیر و فەیلەسوف محەمەد ئیقبال لاهوری ئەپرسن، تۆ بەو بیروباوەڕە فەلسەفییەکانت لە شێوەی شیعردا بڵاودەکەیتەوە، دەڵێ ئەم میللەتەی ئێمە دواکەوتوون، ئەگەر وانەکەم کەس نایانخوێنێتەوە.

لە داگیرسانی مۆمی پێنجەمی تەمەنی بێواردا، خاڵە بەکری شاعیر ئاوا باسی بێواری کردووە: ئابی 1996 زاینی لە ڕۆتردام بوو بە نیسان و گوڵێکی تری ڕازاوەی باخچەی ڕۆژنامەگەری پشکوت و بوو بە کۆرپەی نازداری دەم بە خەندەی سۆفییان و خەمخۆرانی وشەی کوردیی، پاشان کۆتایی بە وتەکانی دێنێ و سڵاو و سەروەری ئاڕاستەی خێزانی بێوار دەکات.

لە چوارەمین ساڵرۆژی بێواردا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەردار فەتاح ئەمین لە یادی چوارساڵەی بێواردا، ئاوا باسی بێوار دەکات: گەرمترین پیرۆزبایی و دەستخۆشی بە بەڕێز و ئازیزمان کاک هیوا سەرهەنگ پێشکەش دەکەین، پاشان لە هەڵسەنگاندنی لاپەڕەکانی بێواردا ئاوا ئاماژە دەکات، پێم وایە هەندێ جار بێوار لە ڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکانیەوە هیچی کەمتر نەبێت لەو بڵاوکراوانەی لە ناوە و دەرەوەی کوردستان دەردەچن، بەڵام چەند سەرنجێکی بۆ گەشەکردنی بێوار خستۆتەروو، کە دەرئەنجامی کەمدەرامەتی و گرانی چاپەوە لە بێواردا بینیویەتی، بەو هیوایەی حاجی تۆفیق (پیرەمێرد)ێکی تری نوێ لە ڕوخساری (هیوا سەرهەنگ)دا لە تاراوگە و ڕۆژنامەی (ژین)ی سەدەی ڕابوردوو لە بێواری سەدەی نوێدا لە تاراوگە گەشاوەتر ببینرێت.

لە پیرۆزبایی بڵاوکراوەی (بێوار)، شێرزاد هەینی ئاوا هەستی خۆی دەربڕیووە: (دەستیان خۆش و هەر بژین و ناویان و ئەستێرەکان و مژدەیەک وەک بڵاوکراوەی بێوار و زۆری وەک بێوار، پیرۆزە ساڵی چوارەمی بێوار و لە دڵەوە دەخوازم گەشاوە و گەورە و ڕەنگاورەنگ بێت).

چاوەڕوانی بەشی نۆیەم بن...

# هەموو لایەک هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە، کە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی کوردستان سەبارەت بە کەرکوک هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخەکە خراپتر دەبێت..

## دەتوانین چی بکەین بۆ کەرکوک...؟ (١)

## بەشی یەکەم...دکتۆر جەبار قادر



هەموو لایەک هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە، کە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی کوردستان سەبارەت بە کەرکوک هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخەکە خراپتر دەبێت. هەڵبەتە کاتێ باسی کەرکوک دەکەین، مەبەستمان هەموو ناوچە دابڕاوەکانە، چونکە کرۆک و گەوهەری کێشەکە کەرکوکە. ئێستا هەموو کەسێک لە خۆی و دەوروبەرەکەی دەپرسێ: باشە دەبێ چی بکەین؟ چۆن لەم تونێلە تاریکە دەرچین؟. ئایە هەر لەسەر ئەم سیاسەتە نەفرەتییە بەردەوام بین، یا بیر لە ڕێبازێکی تر بکەینەوە؟. ئێستا هەندێ هەوڵ و جموجوڵ لە نێوخۆی وڵات لە ئارادان، ئێمەی دیاسپۆرا چۆن دەتوانین هاوکار و پشتیوانیان بین؟. دید و بۆچوونەکانتان لەم بارەیەوە گرنگە بۆ ئەوەی هەموو بە یەکەوە هەنگاوێکی دروست بنێین . چەند ساڵێک کوردی ئەو ناوچانە بە مادەی ١٤٠ەوە خەریک کران. سەرباری ئەوەی مادەکە لە بنەمادا هەنگاوێکی نانیشتمانی بوو، لە یەکەم ڕۆژیشەوە دیار بوو، کە دەرفەتی جێبەجێ کردنی سفرە. لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەو مادەیەوە ڕەنگبێ پەنجا گوتارم لەسەری نووسیبێ و ئەوەندەش چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەفزیۆنیم لە بارەیەوە کردبێت و لە هەموویاندا ئەو بۆچوونەم دووپات کردووەتەوە، کە جێبەجێ ناکرێت و بەرپرسانی کورد کارێکی خراپیان کرد. ئێستاش داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکرێت ڕۆڵی هەبێت لە جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ دا، وەک ئەوەی لە ئەزموونی ١٥ ساڵی ڕابردوو و هەڵسوکەوتی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ شتێک فێر نەبووبن. لە ٢٢ نیسانی ٢٠٠٩ دا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ستیفان دی میستورا ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) سەبارەت بە ناوچە کێشە لەسەرەکان پێشکەش بە حکومەتی عێراق و کوردستان کرد، کە ناوی لێ نابوو "ڕاپۆرتی یونامی تایبەت بە سنووره نێوخۆییە کێشە لەسەرەکان لە باکوری عێراق". ئەو ڕاپۆرتە بەرهەمی ساڵێک کارکردنی یونامی و بەشێک بوو لەو ئەرکەی ئەنجومەن ئاسایش بەپێی هەردوو ڕاپۆرتەکە و بەسەر یەکەوە لە دوو بەرگدا ٤٧٢ لاپەڕە بوو، باسی لە ١٦ یەکەی کارگێڕی دەکرد، کە بریتین لە ١٤ قەزا و ٢ ناحیە: سنجار، تەلەعفەر، شێخان، ئاکرێ، حەمدانیە، مەخمور، حەویجە، دوبز، داقوق، کەرکوک، خورماتو، کفری و خانەقین لە گەڵ مندەلی و بەلەدروز. کاتی خۆی لێژنەیەک پێکهێنرا و دید و بۆچوونەکانی خۆمان لە ٦٠ لاپەڕەدا پێشکەش بەحکومەتی هەرێم کرد بۆ وەڵامدانەوەی یونامی. وا دە ساڵ تێپەڕی ئێستاش شتێکم لە بارەی ئەو ڕاپۆرتەوە نەبیستەوە. کاری زۆرم لە سەر ڕاپۆرتەکە کرد و بوو بە بەشێک لە کتێبێک لەسەر کەرکوک کە قەولە بەم زووانە بڵاو بکرێتەوە، بۆیە لێرە دەرفەتی ئەوە نیە زۆری لەسەر بڵێم. باوەڕم وایە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هیچ کێشەیەکی لە جیهاندا پێ چارەسەر نەکراوە و پێی چارەسەر ناکرێت. تەنها ئەو کاتە دەتوانێت کار بکات، ئەگەر پێشوەخت ئەنجومەنی ئاسایش ڕێککەوتبێت و بڕیاری تایبەتی لەسەر پرسێک دەرکردبێت. دامەزراوەکانی زۆر بیرۆکراتیانە کار دەکەن و مەگەر بەرپرسانی ئێمە ئەوەندەی ئەوان حەز لە کۆبوونەوەی بێ ئەنجام بکەن، گەندەڵی زۆریش لە کارەکانیاندا دەکرێت. کۆمەڵی کارمەند کە دەستیان لە کارێک گیر دەبێت، یەکەمین شت بیری لێ دەکەنەوە ئەوەیە، تا پێیان بکرێ تەمەنی کێشەکە درێژ بکەنەوە و لەسەر کارەکانیان بمێننەوە. بەرپرسە باڵاکانیانیش کاتەکەی خۆیان تەواو دەکەن و ڕادەستی یەکێکی تری دەکەن بێ هیچیان کردبێ. ئەوەتا دیمستورا دوای ئەوەی هیچی لە عێراق پێ چارەسەر نەکرا، کرا بە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشەی سوریا، لەوێش دوای ئەو هەموو ساڵە هیچ بەرهەمێکی نەبوو. لەوەش خراپتر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەموو کار و چالاکییەکانیاندا بەرژەوەندی دەوڵەتان لە بەرچاو دەگرن، ئاخر لە کۆتاییدا ئەوە دەوڵەتانن بڕیار دەدەن و پرۆژە و پێشنیارەکان دەخەنە واری جێبەجێ کردنەوە یا ڕەتیان دەکەنەوە. لە ڕاپۆرتەکەی یونامیدا ئەمە زۆر بە زەقی دەبینرێت. تیمەکە باش لەوە تێگەیشتووە کە کورد تاکە لایەنە کە لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی بێ پشت و پەنایە. ئەمە لە کاتێکدا پێکهاتەکانی تری ئەو ناوچانە چەندین دەوڵەتیان هەیە کە لەسەریان دێنە دەنگ. تورکمان تورکیا و دەستەیەک دەوڵەتی تورکی زمانی هەیە، عەرەبی سوننەش چەندین دەوڵەتی عەرەبی و شیعەکانیش ئێران و هەندێ هێزی دیکەیان هەیە.

ڕاپۆرتەکە تا ئەو شوێنەی بۆی کرا بێت، پشتیوانی لەو پێکهاتانە کردووە و خواستی کوردی پشت گوێ خستووە. زۆر بە ئاسانی ڕەخنەی لە کورد گرتووە و بگرە تۆمەتی داوەتە پاڵی، لە کاتێکدا بەرامبەر بە کردەوە و هەڵس و کەوتی پێکهاتەکانی تر ئەو هەڵوێستەی نەنواندووە، ئەگەر ناچاریش بووبێ ئەوا ڕەخنەکانی زۆر نەرمتر و ڕووکەشیانە تر بوونە. بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاری کراوەکان تیمەکەی یونامی مامەڵەیەکی دوو فاقیانەی لە گەڵ زانیارییە مێژوویی، جوگرافییەکان و داتا و ئاماری سەرژمێرییەکاندا کردووە. لەم بارەیەوە لێکدانەوەی هەڵەی بۆ مێژووی زۆر لە ناوچانە کردووە و ئەو ئامارانەی خستووەتە ڕوو، کە تەنانەت لە گەڵ داتا و ئاماری سەرژمێرییە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراقیشدا یەکناگرنەوە. لە بری ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ داتا فەرمییەکان و سەرژمێرییە گشتییەکانی دەوڵەتی عێراق بە تایبەتی ئەوانەی بەر هەڵمەتی دەستکاری نەکەوتوون، پەنا دەبەنە بەر ئەو ژمارانەی هەندێ کەس وەریان گرتوون کە گوایە دیداریان لەگەڵیاندا کردووە و ناوی کەسیش ناهێنن و کەس نازانێ کێن ئەوانەی قسەیان بۆیان کردووە و تا چەند ئاگادارن و زانیارییان لەو بارەیەوە هەیە. ئەمەش شیوازێکی سەیرە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان و بووەتە هۆی هەڵەی زەق لەم بوارەدا. بڕوانە ل 5

# پاشماوەی دەتوانین چی بکەین بۆ کەرکوک...؟

## بەشی یەکەم...دکتۆر جەبار قادر





ڕاپۆڕتەکە بە جۆرێک لایەنگر و دژ بە خواستەکانی کوردە، کە ئەستەمە مرۆڤ چاوەڕوانی هەڵوێستێکی وا بکات لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، کە گوایە دەیەوێت هاوکار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاڵۆزی وەک کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.ئەو کەسەی بیر لەوە بکاتەوە یونامی ئەو کێشانەی بۆ چارەسەر بکات، دەبێ هەموو ژیانی لە چاوەڕوانی گۆدۆدا بێت.

بەکورتی وادەزانم لەسەر ئەوە هاوبیرین، کە نە مادەی ١٤٠ جێبەجێ دەکرێت و نە یونامیش ناوبژیوانێکی بێ لایەنە و هاوکار دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ئەو ناوچانەدا. ئێستا هەندێ هەوڵ لە ئارادان بۆ ئەوەی کوردی کەرکوک و ئەو ناوچانە لە دەرەوەی سیاسەتی دەسەڵاتداران ڕێبازێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە. لەوە زیاتر نابێ بکرێن بە سوتەمەنی ململانێی حیزبیی بێ واتا و لە پێناو بەرژەوەندی ئەم و ئەودا کوریان بەکوشت بدەن و ماڵیان ویران بکەن. کوردانی هەندەران دەتوانن هاوکار و پشتیوانی ئەم هەوڵانە بن. ئێمە تا ساڵی ٢٠٠٣ چەندین ڕێکخراومان لە ئەوروپا بۆ بەرگری لە کەرکوک دروست کرد بوو و چالاکی زۆرمان هەبوو. لە دوای ئەو ساڵەوە وتمان ئیتر ئەوە ڕژێمی سەدام ڕووخا و نوێنەرانی کورد لە بەغدا ئەرکی خۆیان دەبینن، کە لە دەرەوەی بەرژەوەندی حیزبی و پۆست و پارە نەیان بینی. ئێستا کوردانی دیاسپۆرا زۆر باشتر دەتوانن کار بکەن و خەڵکانی نیشتمانپەروەر لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و لەم ڕەوشە ناڵەبارە خۆیان ڕزگار بکەن.

ئەم پێشەکییە بەشی یەکەمی زنجیرە وتارێکە لەم بارەیەوە، کە لە ڕۆژانی داهاتوودا لەسەر ئەم لاپەڕەیە بڵاویان دەکەمەوە. پێشوازی لە هەموو بیر و بۆچوونێکی بەسود لەم بارەیەوە دەکەم، کە دوور بن لە بەرژەوەندی تایبەتی و نەیاریێتی ئەم و ئەو، چونکە من بانگەشەی دامەزراندنی حیزب ناکەم، ئاخر کورد ئەوەندەی چەند دەوڵەتێک حیزبی هەیە. هیوادارم گفتوگۆیەکی تەندروست دەستپێبکەین و ببینە یارمەتیدەر بۆ ئەوانەی هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دەدەن لە کۆت و بەندی حیزبی بێ ستراتیژ و بێ داهاتوو.

# کتێبی "پۆرتریتگەلێک لە مێژوو و سیاسەتی کوردەوە" بە زمانی تورکی یەکێک لە کتێبە نوێیەکانی دەزگای بەناوبانگی "ئیلەتیشیم"ی ئیستانبوڵ

## بەکر شوانی




کتێبی "پۆرتریتگەلێک لە مێژوو و سیاسەتی کوردەوە" بە زمانی تورکی یەکێک لە کتێبە نوێیەکانی دەزگای بەناوبانگی "ئیلەتیشیم"ی ئیستانبوڵە و کۆمەڵێک بابەتی مێژوویی و سیاسی لەخۆدەگرێت و هەر بابەتێکیش لەلایەن پسپۆڕێکی تایبەت بە بواری خۆیەوە ئامادە کراوە. بابەتەکان بریتین لە :

– سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە ئیدریسی بتلیسی، ڤورال گەنج.
– پۆرتریتی بنەماڵەیەکی پێشڕەوی ڕووناکبیریی کورد:بەدرخانییەکان، عیسا دۆغان.
– شێخ عوبەیدوڵا، یەکەم ڕابەری کوردستانی هاوچەرخ / عەلیشان ئاکپنار
– لە بارزانەوە بۆ کوردستان، لە حوجرەوە بۆ دەوڵەت: بارزانییەکان، مەسعوود یەگەن.
– ڕۆشنبیرێکی کوردی کۆتایی سەردەمی عوسمانی: عەبدوڵا جەودەت، ئایهان ئیشک.
– ڕکابەرێکی عوسمانی و کۆنفۆرمیست و لیبراڵ: شەریف پاشا، مەتین ئاتمەجە.
– بیۆگرافیایەکی زیا گوێکئاڵپ لە تەوەرەی دۆزی کوردەوە، فوئاد دویندار.
– کاریگەریی شێخ سەعیدی پیران بەسەر سیاسەتی کوردییەوە، کلێمنس یوجەل.
– کام سەید ڕەزا!، محەمەد یلدرم،" ئێوە سەید ڕەزا و بەیتار نورین؟"،ئەردال گەزیک.
– سەعید نورسی: بە ئەهلیکردنی دانایی و ئیمامەت، موجاهید بیلیجی.
– هۆشیارکردنەوە و بەرگری لە شیعرەکانی جگەرخوێندا، مەتین یوکسێل.
– سەعید قرمزیتۆپراک (د. شڤان)، تونجای شور.
– تەمەنێکی پێشکەشکراو بە زمان و کولتووری کوردی: محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان، بورجو بینگۆیللو.
– کەمال بورقای "وەک چیرۆکێکی نەبڕاوە"، سەروەت گوین.
– عەبدولڕەحمان قاسملو: پێکهاتنی سۆسیال دیموکراتیی کورد، حەمید بۆزئەرسلان.
– جەلال تاڵەبانی و بزووتنەوەی سیاسیی کوردی عێراق، بوراق بیلگەهان ئۆیزپەک.
– عەبدوڵا ئۆچالان: ژیان و تێکۆشان و بیرکردنەوەی، چەتین گویرەر.
–هزرگەی سیاسەتی نیو سەدەی تورکیا: ئەحمەد تورک، کڤانج کویسەئۆغلو.
– ڕووی نوێی سیاسەتی کوردی و تورکی: س. دەمیرتاش، عمران گویرتاش.
– فەقێی تەیران: ژیان و شیعر و بەرهەمەکانی، مەسعوود سەرفراز.
– گویلتەن کشاناک وەک ڕۆژنامەنووس و چالاکڤان و ژنە سیاسەتمەدارێکی کورد، فاتمە سوێنمەز.
– زیا ئیکینجی وەک ڕۆشنبیرێکی سۆسیالیست و بێلایەنی کورد، موراد جەم دەمیر.
– ئەدەبیاتی مەمەد ئوزون، شێخموس دیکەن.
– نزیکبوونەوەیەکی دروست لە ئەحمەدێ خانی، ئایهان تەک.
– پردی نێوان ڕۆشنبیرانی سەردەمی عوسمانی و کۆماری تورک: موسا عەنتەر، تاهیر بایکوشاک.

# گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

## ئەڵمانیا چەندی بۆ پەنابەران خەرجکردوە؟



ڕاپۆرتێکی میدیای ئاشکرای کردووە، کە حکومەتی ئەڵمانیا بۆ کەیسی کۆچ و پەنابەران، تەنها لەساڵی ڕابردوودا بڕی ٢٣ ملیار یۆرۆی خەرجکردوە و ساڵی پێشتریش ٢٠١٧ بڕی ٢١ ملیار و پێش ئەوەش ٢٠١٦ بڕی ٢٠ ملیار، واتە لە سێ ساڵی ڕابردودا ٦٤ ملیار یۆرۆی خەرجکراوە. ئەم ژمارانە پارتە ڕاستڕەو و پۆپۆلیستەکانی هەراسان کردووە و ڕەخنەی توند لە مێرکل دەگرن بەوەی، کە سامانی وڵاتەکەی لە میللەتانی بێگانە خەرج دەکات و هاوڵاتیانی ئەڵمانیش باجەکەی دەدەن، لەسەر ئەمە و چەند دۆسییەکی تریش بە بەردەوامی کێشە و ناکۆکی لە نێوان سەرکردەکانی پارتی جێگرەوە بۆئەڵمانیا AFD و حکومەت هەیە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە پارتە لیبرال و چەپ و سەوزەکان، داکۆکی لە سیاسەتی کۆچبەران دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار.

## خۆپیشان لەدژی نازیەکان بەڕێوەچوو




هەفتەیەک بەرلە دەنگدانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا، کە مەترسی ئەوە هەیە پارتە ڕاستڕەو و پۆپۆلیستەکان دەنگی زۆر بێنن، لە چەند شارێکی ئەڵمانیا، وەک بەرلین و فرانکفۆرت و کۆڵن، دەیان هەزار هاوڵاتی هاتنە سەر شەقام و دروشمی دژ بەو پارتانەیان بەرزکردەوە و داوای یەکریزی و پاراستنی یەکێتیی ئەوروپا و پێکەوەژیانیان کرد، ژمارەی خۆپیشاندەران لەهەموو ئەڵمانیا بە ١٥٠ هەزار کەس دەخەمڵێنرا، ئەم چالاکیەش دوای ئەوەهات، کە لەنەمسا گەندەڵیەکی گەورەی جێگری سەرۆکی حکومەت، کەسەر بە پارتێکی ڕاستڕەوە ئاشکرابوو، نێوەندی سیاسی وڵاتەکەی و هەموو ئەورووپاشی شڵەژاند، هاوکات لەهەریەک لە ڕۆمانیا و هەنگاریاش ڕێپێوان بۆ هەمان مەبەست سازدابوو.

## هەڵمەتی پۆلیس بۆسەردز و جەردە و چەتەگەرەکان



بەرەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی شاری ئێسن، هەڵیکوتایە سەر چەند بنکە و بارەگا و ماڵ و ئەپارتمانت و دوکان و شوێنی حەوانەوەی هەزاران دز و جەردە و ژمارەیەکی زۆری لێگرتن. پێگەی" تاگیشەو" ئاشکرای کردووە کە لەماوەی دووساڵی ڕابردوودا، تەنها لە هەرێمی باکوری ڕاین وێستیڤالیا ١٠٤ بنەماڵە و خێزان ١٤٢٢٥ تاوانیان ئەنجامداوە، لە کوشتن وب ڕین و دزی و چەتەیی و بازرگانی ماددەی هۆشبەر و دەستدرێژی سەر ژنان و ئیشی ڕەش و...هتد، زۆربەشیان لە شاری ئێسن نیشتەجێن، ئەو تاوانبارانە ٣٦٪ یان ئەڵمان و ٦٤ ٪ یان، بێگانەن لەوانە لوبنانی و تورک و سورین.

## دایک وباوکێک کۆرپەکەیان لەناوتەکسی لەبیرچوو..





لەشاری هامبۆرگ دایک و باوکێک لەگەڵ کۆرپەکەیان کە لەناو کورسیادا دانینابوو، بەتەکسی دەچنە گەڕەکی برامفێلد و لەکاتی دابەزینیاندا کورپەکەیان لەبیر دەچێت، لەناو تەکسیەکە بەجێی دەهێڵن، پاش ماوەیەک شوفێرەکە دەچێت نان دەخوات، ئەو منداڵە خەوتووە، تا دوو سێ سەعات دەنگی لێوەنایەت و شوفێرەکەش هەر پێی نازانێت، باوک و دایکەکەش لەپۆلیس دەپرسن و نایدۆزنەوە، سەرەنجام نەفەرێکی تر لەتەکسیەکە سەردەکەوێت و کۆرپەکە دەبینێت، ئینجا بەشوفێرەکە دەڵێت و پۆلیسی لێ ئاگاداردەکەنەوە.

## پیاوی دوژنە ڕەگەزنامە وەرناگرن..



بەپێی ئەو پرۆژەیەی کە هەردو فراکسیۆنی هاوپەیمانی دیموکراتی کریستیان و سۆسیال دیموکراتەکان پێشکەشیان کردووە بۆ هەموارکردنی یاسای پێدانی ڕەگەزنامەی ئەڵمانیا، ئەو پیاوانەی دوو ژنیان هەیە لە ژمارەیەکی زۆری سوریەکان دەگرێتەوە، لەمەودوا ڕەگەزنامەی ئەڵمانیان پێنادرێت، زۆربەی بەرپرسان پشتیوانی لەو پرۆژەیەدەکەن، لەوانە "کەتەلینا بارلی" وەزیری داد و سەرکردەی پارتی سۆسیال دیموکرات.

## گەنجێک خۆشەویستەکەی زیندانی دەکات..



کوڕێکی گەنجی عەرەبی بەناوی "موستەفا. ف" ٢٦ ساڵ لە شاری هانۆڤەر بە تۆمەتی ئیهانەکردن و ئازاردانی کچێکی تەمەن ٢٣ ساڵ داداگایی کرا، کە ساڵی پار دەرهەق بە خۆشەویستەکەی کردبووی بە بیانوی ئەوەی گوایە زۆر قسە لەگەڵ پیاوی تر دەکات و دڵی لێ پیسکردووە، ئەو کوڕە لوبنانییە چەند ڕۆژێک کچە ئەڵمانەکە لە ژوورەوە زیندانی دەکات و سەری سفر دەکات، ئازاری جەستەیی و دەروونی دەدات، ئەو کوڕە لەبەردەم دادوەر دانی بە تاوانەکەیدا ناو دادگاش سزای زیندانی ١٠ ساڵی بۆ بڕیەوە.

## ئەلیسا گوێزرایەوە بۆ ئەڵمانیا



دوێنێ ژنە هونەرمەندی گۆرانیبێژ"ئەلیسا" بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە بەیرووتەوە گوێزرایەوە "بەرلین"ی پایەتختی ئەڵمانیا، بۆ چارەسەر و بڕیاروایە ٢٠ ڕۆژ لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە، ئەلیسا جگەری نەخۆشی شێرپەنجەی گرتووە و ساڵی پار نەشتەرگەری بۆ کراوە، ئەمساڵیش هاتۆتەوە بەرلین بۆ پشکنین و چارەسەری تری هەمان نەخۆشی.




# لە کوردستان کات لە زێڕ نییە!


## حەمەفەریق حەسەن

ئێمە لەنێو کاتدا دێینە نێو بوونەوە. هەر لەنێو کاتیشدا لەنێودەچین و دەفەوتێین. ئەو کاتەی کەس نە وادەی دەستپێکی دەزانێت، نە وادەی کۆتایی.

زەمان باکی بە کەس نییە و لە ڕسکانی بەردەوامدایە. ئێستای حاڵی حازریش درێژە ناکێشێت. داهاتوویش هێشتا نەگەیشتووەتە بەرەوە. ئەگەر تۆ خوڵەکێک لە تەمەنی زەمان بگریت، ئەوا نیوەی ئەو خولەکە بووە بە ڕابوردوو، کەچی نیوەکەی تری هێشتا داهاتووە. شارستانەتیش یەکسانە بە کۆی ئەو ساتانەی کە بنیامە کارا و هۆشیارەکانی هەر گەلێک بە کار و بنیاتنان بردوویانەتە سەر. مرۆڤی کوردیش بەزۆری بێ پرۆژەیە. تاکی بێ پرۆژەیش لە نرخی نەبوانە. بۆیە دەیبینی تەمەنی لە پەنجا ساڵان لایداوە، کەچی هێشتا ئەو، بەردێکی نەخستووەتە سەر بەردێک. بگرە هێشتا جێدەستی دیار نییە. دوو ڕستەی بەکەڵکیش نازانێت، تاکو لە کۆڕێکدا بە گوێی خەڵکیدا بدات. دە کتێبی بەسوودی نەخوێندووەتەوە. واتە کات لای مرۆڤی لاژگ و نەکردە، نەک هەر لە زێڕ نییە، بەڵکو لە تەنەکەیش نییە. ژیان لای ئەو هەر ئەوەندەیە کە تەمەن بەسەردەبات، واتە بە فیڕۆی دەدات. وەختێ تۆ هەواڵی دەپرسی، خۆی ڕاست و ڕەوان پێت دەڵێت: "دەگوزەرێت، یان دەیگوزەرێنم"! ئەو تەمەنی دەڕوات، بێئەوەی بزانێت لە دەوروبەریدا چی ڕوودەدات و لە دونیادا چ باسە؟ جا چونکە ئەو مرۆڤێکە نرخی کات نازانێت، ئەگەر بێکاریش بێت هێشتا بە کات و مەوعیدەوە پابەند نابێت. بە شەرتێک ئەو ئارەزووی کۆکردنەوەی سەعاتە. ئەو وێڕای سەعاتی نێو مۆبیل تەلەفوون و کۆمپیوتەر، لە ماڵەکەی خۆیدا سەعاتێک یان چەند سەعاتێکی بە دیواری ژوورەکانیدا هەڵواسیوە. ڕاستت دەوێت لە کوردستان، کاتژمێر خشڵێکە بۆ ڕازاندنەوەی مەچەک و ژوورەکانی ماڵ ئەو کوردانەشی کە بە گەورەیی دەگەنە وڵاتانی خۆرئاوا، بە مەوعیدەوە پابەند نابن و شارساتەنەتی خۆرئاوایش کاریان تێناکات. ئەگەرچی لەوێ، شەووڕۆژ چەندان جۆر هۆی گواستنەوە لە کاردان، کەچی کوردەکە هەر دوادەکەوێت و لەکاتی خۆیدا ناگاتە هۆڵی کۆبوونەوە و بۆنەکان. لە ڕاستیدا ئەوانە تەنها ژینگەکەیان گۆڕیوە، دەنا هزر و بیرو پێناسەیان بۆ ژیان، هێشتا هەر هیی ئەو گوندانەیە کە لێوەی هاتوون. لە کوردستان هەڤاڵی بەرپرس دوای هەموان دەگاتە شوێنی مەبەست و جێی کۆبوونەوە. کەچی ئیسماعیل بێشکچی، کە لە زانکۆی سلێمانی هۆڵێکیان بە ناوەوە نابوو، هەر بەو بۆنەیەشەوە وتارێکی هەبوو، عەسری ٢٠١٤/٠٥/٢٩ بێ کەم و زیاد لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا گەیشتەجێ و پێشوازیکەرانی خۆی لە چاوەڕوانیدا، تووشی دڵەڕاوکێ نەکرد. هەر چۆنێک بێت، وا دیارە مرۆڤی کورد تەنیا لە مانگی ڕەمەزان و لە سەروەختی ڕوودانی بوومەلەرزەدا، بەهای کات دەزانێت!

# ئەنتۆلۆگیای چیرۆکی کوردی بە زمانی فرانسی....


## لێدوانی: محەمەد فەریق حەسەن




ئەم کتێبە، ژمارەیەک چیرۆکی کوردیی لە خۆ گرتووە، کە ڕێزدار د. کەمال مەعروف بۆ زمانی فرانسی وەریگێڕاون. نووسەر هاتووە، دەقی نەوە جیاوازەکانی، لە پارچەکانی کوردستان هەڵبژاردووە، تاکو خوێنەری فرانسی لە ڕەوتی چیرۆکی کوردی ئاگادار بکات. ئەم بەرهەمە، ساڵی ٢٠١٨ چاپ بووە. من دەستۆخۆشی لە جەنابی د. کەمال دەکەم و دەقەکانیش هی ئەم نووسەرانەن:

حسێن عارف، محەڕەم محەمەد ئەمین، ڕەوف بێگەرد، ئیبراهیم ئەحمەد، کاکەمەم بۆ تانی، محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان، محەمەد مەولود مەم، عەبدوڵڵا سەڕاج، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، حەسەن قزڵجی، کاوس قەفتان محەمەد فەریق حەسەن، مستەفا ساڵح کەریم..

# هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



## قەرەنی جەمیل

هونەرمەند مامۆستاقەرەنی جەمیل، لە ساڵی 1954 لە لەشاری هەولێر لە باشوری کوردستان لە دایک بووە.

ساڵی 1966–1977 بڕوانامەی دبلۆمی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای بەدەستهێناوە.

– ساڵی 1984 کۆرسی یەک ساڵەی (لیتۆگراف)ی لە بەرشلۆنە– ئیسپانیا تەواوکردووە.

– ساڵی 1977 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (ئەیوبیە)ی شاری هەولێر.

– ساڵی 1985 دووەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (پرات دی لوجانێر) بەرشلۆنە– ئیسپانیا.

– ساڵی 1988 سێیەمین پیشانگەی تایبەت لەشاری ئەلمونێیەر– ئیسپانیا.

– ساڵی 1991 چوارەمین پیشانگەی تایبەت لەهۆڵی (ئەلحەنەش) ڤالێنسیا– ئیسپانیا.

– ساڵی 1972– 2005 بەشداری زیاتر لە (30) پیشانگەی هاوبەشدا کردووە لە (بەغدا، هەولێر، ئیتاڵیا، بەرشلۆنە، ئەلمونێیکەر، ڤالێنسیا، بڕۆکسل، کۆپنهاگن، هۆڵەندە، پۆڵنیا).

– سەرنوسەری گۆڤاری (شێوەکاری)یە لە هەولێر.


تـــاراوکـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807